شۆستەی وڵاتەکانی خۆیاندا کەوتوون و کەس ئاوڕیان لێناداتەوە ، بەڕای من ئەگەر هەر بۆنموونە هەموو رۆمانە شاکارەکانی جیهان بەئاسانی بگەنە دەستی خوێنەرانی کورد ، ئەوسا بەجوانی دەزانن رۆمانی باش و رۆمانی خراپ لێکجیابکەنەوە و کاتێك خوێنەرێك رۆمانی رۆمانووسێکی کوردی دەخوێنێتەوە ، ئەزانێ لە چ ئاستێکدایە و بە پڕوپاگەندە و هات و هاوار و هاش و هۆشی گرووپگەری و هۆزگەری و هاوڕێگەری و پارەگەری و هاوبیریگەری و هاوشاریگەری و هاوگەڕەکی گەری ناخەڵەتێ و فریو ناخوات ، بۆیە قورسایی قسەم دەخەمە سەر رۆشنبیری و هونەر ، چونکە بەدرێژایی مێژوو هونەر لق و چڵ و بەش و هۆبە رۆشنبیرییەکانیەوە هاندەر و هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پەرەسەندنی چەمکە مرۆڤایەتییەکان و مرۆڤ و کۆمەڵگاکان توانیویانە لە کلاّورۆژنەی ئەو چەمکانەوە بۆچوونە مرۆییەکان و مۆرك و تیۆرە رەوشتییەکان بچەسپێنن و دەرگای بەردەوامبوونی نوێگەری و پێشکەوتن بخەنە سەر پشت و هونەر لەخودی خۆیشیدا بۆتە ئاوێنە نومایەك بۆ بەرجەستەکردنی بوون و ژیاری نەتەوە و ئەزموونی هونەریی و رۆشنبیریی هەموو نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ڕامیاری و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و ئایینی و دەروونی و بایۆلۆژی و سیکۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژی و ئیستاتیك و لۆژیك و ئەنتۆلۆژیا و ئیکۆلۆژیای ئەو نەتەوەیەیە ، کە یزدان و جێژای ئەو هونەر و رۆشنبیرییەیە ، هەر لەم نوارگەیەوەیە کە نووسەری ناسراو (فلۆبێر)



گوتوویەتی : ((هونەر بەرگرییەکی بێ کۆتاییە لە مرۆڤ)) ، هەر لەم بۆچوونەوە دەڵێین هونەر بەرگری بەردەوامە لە کەسایەتی خودی نەتەوە و هەموو ئەدگار و مۆرك و خەسڵەتەکانی نەتەوە . هەر لە بانێژەی گرنگی ڕۆڵی هونەرەوە و پەیوەستییەوە بە ژیانی کۆمەڵگاوە ، هزرمەندی ناسراو (هۆبز) دەڵێ: ((ژیانی ئاسایی ژیانێکی هیچ و پووچ و ڕسوایە و تەنها خەسڵەتێکی سەرەکیی کە مرۆڤ لە گشت گیانلەبەرەکانی دی جیادەکاتەوە و شکۆمەندی دەداتێ ، هەر خەسڵەتی هونەر و داهێنانەکانی بواری هونەرییە)) ، کە مرۆڤ توانیویەتی لەڕێگایەوە خەون و خواست و خۆزگە تایبەتمەندەکانی خۆی پێ بەرجەستە بکات و جیهانێکی نوێی بۆ خۆی پێدروست بکات. بێگومان مۆرك و مەرتاڵی هەموو هونەرێك لەهونەرەکانی هەموو نەتەوەیەك جیاوازە لە هی نەتەوەکانی دی و تابیەتمەندێتی خۆی هەیە ، هونەری ڕەسەن ئەو هونەرەیە کە لە هونەری نەتەوەکانی دی وەردەگرێ ، بەلاّم ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە و ناسنامەی خۆی دەپارێزێ و هەر ئەمەشە وای کردووە ، کە هونەرمەند (ئەرسەلان گامکار) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ : ((مۆسیقای کوردی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و زۆرجار کە لەئاهەنگەکانی ئەوروپادا مۆسیقای کوردی دەژەنین ، گوێگری ئەوروپایی سەرسام دەبێ بە مۆسیقا کوردییەکەوە ، بەلاّم کاتێ مۆسیقای فارسی دەژەنین بەجۆری کوردییەکە سەرسام و سەرمەستی تامی مۆسیقا نابێ ، هەروەها دەڵێ مۆسیقای کوردی مۆسیقایەکی خێرایە ، ئەم خەسڵەتەش



تایبەتمەندێتی داوە بە مۆسقای کوردی)) ، بەلاّم من دەڵێم بەداخەوە گەلانی دراوسێمان لەدێر زەمانەوە و تاکو ئێستاش مۆسقا و ریتمی گۆرانی کوردی ئەنفال دەکەن و ئێمەش پێی نازانین یاخود زۆر باش پێی دەزانین و دەنگ ناکەین ، ئێمە هەتاکو ئێستا بە زمانی سیاسەت و بە زمانی جوگرافیا و بە زمانی ئامار و بە زمانی جەستە و بە زمانی سۆزی مرۆڤایەتییەوە بە شیعری سەقەت و بە رۆمانی سەقەت و بە گوتاری سیاسی سەقەتەوە باسی ئەنفالمان کردووە ، ئێمە نەمان پرسیوە مێژووی ئەنفال لە مێژووی نەتەوەی کوردا هەر بەلای کەمەوە لە مێژووی نوێدا کەی دەستی پێکردووە.

ئێمە لەو کردارە ڕەشانەدا کە دەستە چەپەڵەکان ئەنجامیان دا و ناوی ئەنفالیان لێ نا ، تەنها و تەنها ویستوومانە ئامار و سەرژمێری جەستەی مرۆڤ بکەین ، هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە لەکارەساتی ئەنفالدا چەند (فاتیل ـ و ـ ئاتیل) بە عەشقێکی سۆفییانەی پاکژەوە لێکدی دابڕان و نەمان پرسیوە لەکارەساتی ئەنفالدا چەند ماچ جوانە مەرگ بوون و چەند فرمێسك خاکیان تەڕکرد ، ئایا لەو هەموو ناوچە ئەنفالکراوانەدا دە جووتە عاشق نەبوون ! ئەی بۆ کەس ناویان نازانێ و ماچ و خۆزگە زیندە بەچاڵکراوەکانیان ئامار نەکراوە! ئایە چەندین هەزار بووکەشووشە و مناڵ و چەندین هەزار مناڵ و شەقشەقە و جۆلانی لێکدی دابڕان و بووکەشووشە و شەقشەقە و مناڵەکان هەر یەکەو لە شوێنی گڵ پۆش کران ، کوا بۆ لە هیچ ئامارێکدا



ژمارەی بووکەشووشە و شەقشەقە و جۆلانی گومناوەکان تۆمارنەکراوە ، بۆ لە هیچ ئامارێکدا ژمارەی ئەو چۆلەکە و باڵندە و درەخت و گژوگیا و ئەو گیانلەبەرانە تۆمارنەکراون ، کە هاوڕێی مرۆڤی کوردی ئەنفالکراوبوون و لەکارەساتی ئەنفالدا لێکدی دابڕان ، کوا بۆ ژمارەی ئەو گۆرانییانە لە ئامارەکاندا تۆمارنەکراوە ، کە شەوان و بەرەبەیان کوڕ و کچۆڵە عاشقەکانی گەرمیان لەناو کێڵگە و لە پاینی ئاوایی و لەسەر خەرمان و لەکاتی شیر دۆشینی مەڕومالاّتدا لە عەشقی یەکدی دەیان چڕی ، ئێمە هەر بە زمانی ژماردنی جەستە لەکارەساتی ئەنفال دوواوین ، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو شیعر و گوتار و چیرۆك و لێکۆڵینەوە و رۆمانانە سەقەت و پەککەوتەن ، کە دەربارەی ئەو کارەساتە نووسراون و ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ئەنفالێکی دی ... ئەنفالی داهێنان ... ئەنفالی بەهرە ... ئەنفالی کات ... ئەنفالی رۆشنبیری ... ئەنفالی هەست و سۆز و حەقیقەت.